# International Theatre Institute ITI
**World Organization for the Performing Arts**

## World Theatre Day 2024 – 27 March

**Biography of Jon FOSSE**, Norway
Norwegian writer, playwright

Kurdish - Sorani

---

بایۆگرافیی یۆن فۆسە، نەرویج

نوسەر و شانۆنوسی نەرویجیی

وەرگێڕانی: ڕزگار حەمە ڕەشید

یۆن فۆسە نوسەرێکی بەناوبانگی نەرویجییە لە ساڵی ١٩٥٩دا لەدایک بووە. بە کارە فراوانەکانی ناسراوە کە شانۆنامە و ڕۆمان و شیعر و وتار و کتێبی منداڵان و وەرگێڕان لەخۆ دەگرێت.
تایبەتمەندیی نوسینەکانی فۆسە بە مینیماڵیزم و سۆزداریی قووڵ جیادەکرێنەوە، ئەمەش کردویّتی بە یەکێک لەو شانۆنوسانەی جیهان کە زۆرترینی کارەکانی نمایش دەکرێن. لە ٢٠٢٣دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی پێبەخشرا بۆ نوسینە شانۆییە داهێنەرانەکانی کە تیایاندا دەنگ دەبەخشێت بە شتە نەوتراوەکان .

کارەکانی فۆسە بۆ زیاد لە پەنجا زمان وەرگێڕدراون و لەسەر زیاتر لە هەزار شانۆ لە سەرانسەری جیهاندا نمایش کراون. شانۆنامەکانی کە زۆرجار بە نوسینی لیریکیی و شیعر داڕێژراون، بەردەوامیی ئەو نەریتە درامییەیە کە لەسەدەی نۆزدەدا هێنریک ئەپسن دایمەزراند. کارەکانی فۆسە بە شانۆی پاش دراماتیکیی وەسف کراون، هەروەها ڕۆمانە بەرچاوەکانی وەک پاش مۆدێرنیست و ئاڤانگارد وەسف کراون، ئەوەش بەهۆی مینیماڵیزمی و لیریکیی و بەکارهێنانی نا تەقلیدیی ڕستەسازییەوە.

فۆسە بە شانۆنامەی (کەسێک هەر دێت) ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا، ئەو تێکستەی بە کورتکردنەوەیەکی ڕادیکاڵانەی زمان و گوزارشتکردنێکی بەهێز لە هەستەکانی مرۆڤ ناسراوە. فۆسە بە کاریگەریی سامۆیل بیکێت و تۆماس بێرنارد دا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان دەبەستێتەوە بە تەکنیکە مۆدێرنیستەکانەوە. کارەکانی، بەبێ کەمبایەخکردنێکی نهێڵیستیی، نادڵنیایی و لاوازییەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەخەنە ڕوو.

فۆسە لە شانۆنامەکانیدا، زۆرجار وشە یان کردەی تەواونەکراو جێدێڵێت، بەمەش هەستی چارەسەرنەکراوی و گرژیی دروست دەکات. لە شانۆنامەکانی وەک (شەوەگۆرانییەکان) و (گۆڕانکاریەکانی مردن) دا لە چەمکەکانی نادڵنیایی و دڵەڕاوکێ دەکۆڵێتەوە. بوێریی فۆسە لە قووڵبوونەوەیدا بۆ ناو دڵەڕاوکێکانی ژیانی ڕۆژانە بۆتە هۆی ئەوەی لە ئاستێکی فراواندا بناسرێت.

ڕۆمانەکانی فۆسە وەک ( بەیانی و ئێوارە) و (Det er Ales) زمانە ناوازەکەی دەردەخەن کە وەستان و پێبڕین و نکوڵیکردن و پرسیاری قووڵیان تێدایە. (تریۆلۆژی) و (سێپتۆلۆژی) و (ناوەکەی تر) زیاتر گەڕانی فۆسە دەردەخەن بەناو پرسەکانی خۆشەویستی و توندوتیژی و مردن و ئاشتبوونەوەدا.

بەکارهێنانی وێنە و هێماسازی لە بەرهەمە شیعرییەکانی فۆسەدا دەبینرێت، لەوانە ( Sterk vind) و کۆمەڵە شیعرییەکەی (Dikt i samling). هەروەها بەرهەمەکانی جۆرج تراکل و ڕینیێ ماریا ڕیلکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی (یان دیالەکتیکی) نینۆرسک.

بە گشتی بەرهەمەکانی یۆن فۆسە لە جەوهەری هەلومەرجەکانی مرۆڤایەتی دەکۆڵنەوە، تەوەرەکانی نادڵنیایی و دڵەڕاوکێ و خۆشەویستی و لەدەستدان لەخۆ دەگرن. بە شێوازی نووسینە ناوازەکەی و گەڕانە قووڵەکانی بەناو بارودۆخە ڕۆژانەییەکاندا، خۆی وەک کەسایەتییەکی سەرەکی لە ئەدەب و شانۆی هاوچەرخدا جێگیر کردووە.

Translated to Kurdish - Sorani by Rzgar Hama

Artistic Director of Sky Theatre Group